موختار و گوێرەکە!

نەوزاد وەلی

لەدوای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە ، شۆڤێنیستەکانی عەرەب ئۆقرەیان لەبەر هەڵگیراوە و پەیتاپەیتا ، لە دەزگا هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندنە عەرەبییەکانیاندا ، تاوێك بە بەزەییهاتن بە کورددا و تاوێك بە هەڕەشە و تاوێکیش وەك خۆیان ئەڵێن (لە دڵسۆزییەوە) بۆ کورد ، هەڵسەنگاندن و خەملاندن ئەکەن و داوا لە (ئیخوانونال ئەکراد) ئەکەن کە واز لە بەزمی جیابوونەوە بهێنن! بۆ ئەوەی کە عێراقی (وەتەنونال حەبیب) پارچەپارچە نەبێت!.

دوێنێ شەو (3-2-2005) کەناڵی anb لبنانیی لە بەرنامەی (ئەگەر بەرپرس بوویتایە)دا چاوپێککەوتنێکی دور و درێژی لەگەڵ سەباح ئەلموختار دا کرد. تەوەری باسی چاوپێککەوتنەکەش بەم ناونیشانە بوو: ئایا هەڵبژاردنەکانی عێراق خاڵێکی مەزنە بەرەو پیادەکردنی دیموکراتیی؟ یان سەرەتایەکە بۆ دابەشکردنی عێراق!.

موختار سەرۆکی کۆمەڵەی پارێزەرانی عەرەبە لە بریتانیا!. نازانم لەبەرئەوەی کە پارێزەرێکی باشە بۆ بەعسییەکان ، وا کردوویانە بە سەرۆك! یان لەبەرئەوەی کە موختاری (عروبە) و شۆڤێنیزمی عەرەبییە!.

موختاری عروبە ، تا بۆی کرا بە شان و باڵی (موقاومە)دا هەڵیدا و بە شێوەیەکی (پارێزەرییانە) و ناڕاستەوخۆ ، کارە تێرۆریستییەکانی ئەخستە پلەی (پیرۆزییەوە). لەو جۆرە ڕشانەوەیەشیدا وتی: هێزەکانی بەرگریی نیشتمانیی عێراق (بێگومان جەنابی مەبەستی تێرۆریستەکانە) ، مافی بێپایانیان هەیە کە هەموو جۆرە زۆردارییەك بەکاربهێنن دژی داگیرکەران و بەکرێگیراوەکانیان ، وەك سوپا و پۆلیس و تەنانەت کوردەکانیش...!!!.

بەڵێ موختاری عروبە هەر لە ئێستاوە داوای ئەنفالی کورد و کوردستان ئەکاتەوە و ئاخی ساردیشی بۆ سەردەمی (زێرینی) ئەمەویی و عەباسیی و بەعسییەکان هەڵئەکێشا!. داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئەکرد کە لێکۆڵینەوە بکەن لەو کەسانەی کە لە کوردستاندا و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا لە دەرەوەی ناوەندەکانی هەڵبژاردندا ، سنوقی (ڕێفراندەم) ڕاپرسیی گشتییان دانابوو ، ئەوەشی بە نایاسایی و تاوان دائەنا!. ئەوەی باشە ئەوەیە کە ئەم موختارە بە پێچەوانەی بەرنامەکەوە ، بەرپرسێکی عێراق نیە! بەڵام کێ ئەڵێت جاران ڕاوێژکاری یاسایی سەدام نەبووە!!.

غازی گوێرەکە .. ببورن ئەمە سوکایەتی نیە بەم زاتە شەریفەی ئەکەم ، بێگومان ئەو کەسەی عەرەبیی بزانێت ، ئەوا ئەوەش ئەزانێت کە (عەجەل) گۆلکە و (عجەیل)یش گوێرەکەیە ، هەرچەندە گۆلك و گوێرەکە هەر یەکن ، بەڵام لە عەرەبییدا گوێرەکە کەمێك لە تەمەندا لە گۆلك بچوکترە ، بە هەر حاڵ ، ئەوە گوناهی من نیە و ئەوە ناوی ئەو کابرایەیە! بۆ زیادتر دڵنیایی ، بڕوا بکەن لە عەرەبییدا ناوی (چەلوب)یش هەیە کە مانای توتکە سەگە!. ئەحمەد (چەلەب)ییش پاشناوەکەی هەر لەو جۆرەیە!.

بە هەر حاڵ غازی یاوەر لەم ڕۆژانەدا وەك موختارەکەی سەرەوە نا ، بەڵام بە جۆرێکی تر وڕێنەئەکات و هەر ئەڵێیت لە گوێی (گوێرەکە)دا نوستووە! بە ئارەزووی خۆی قسەی بێسەروبەر ئەکات!. ئەوەی من ئاگام لێبێت لەم دە ڕۆژەی دواییدا دوو جار فەرمووی: پێش (دە ـ پانزە) ساڵ کەس باسی ئەم تایەفەگەریی و سونیی و شیعیی و کورد و عەرەب و تورکمانەی نەئەکرد!... ویلایەتی موسڵ و نەخشە و مەخشەش لە درۆ زیادتر ، هیچی تر نیە!.

بەڕاست .. ئەگەر لە گوێی گوێرەکەدا نەنوستبێت ، چۆن بێئاگا ئەبێت لەو خەباتە خوێناوییەی دەیان ساڵەی گەلی کورد و ئەنفال و هەڵەبجە و جینۆساید..! یان ئەویش وەك موختاری پارێزەری عروبە ، دان بەوەدا ئەنێت کە پێش دە پانزە ساڵ! واتە لە سەردەمی سەدامی شۆڕەسواری عروبەدا ، بە زەبری ئاگر و ئاسن ، کەس لە ناو عێراقی عروبەدا بە ئاشکرا باسی مافخوراویی نەئەکرد!.

ماوەتەوە کە بڵێین: تۆ بڵێیت دیسان سەرانی کورد دەنگ بۆ غازی بدەنەوە بۆ پۆستی سەرۆککۆماریی؟

2005-2-4